لێگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گرژیەکان رووسیا پشتگیری بە ژەمی بەشار ئەسەد لە سووریا دەردەبڕێت

لێگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گرژیەکان و چالاکی بوونەوەی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا و کۆنترۆڵکردنیان شاری حەڵەب لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا، دیمیتری پێسکۆف وتەبێژی حکومەتی ڕووسیا جەختیکرد کە مۆسکۆ هەر درێژە دەداتە پاڵپشتیەکانی لە ژەمی سووریا بە سەرکایەتی بەشار ئەسەدی سەرۆک کۆماری سووریا.

ناوبراو لەو بارەیەوە دەشڵێت: پەیوەندی خەمان لێگەڵ سووریا لەئاستی گونجاو درێژە دەدەین و خەریکی لێکدانەوەی دۆخەکەین و ئەوەی کە یارمەتیدەری سەقامگیری دۆخەکە بێت ئەنجامی دەدەین.

وەنێ گۆڕەکە ئەوەیە: ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی ڕابردوو ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سووریا هێرشی کردەسەر شارەکانی حەڵەب و ئیدلب لەباکووری ڕۆژئاوای سووریا و دەستیان بەسەر تەواوی شاری حەڵەب دا گرا، پاش ئەوەی دەستیان بەسەر تەواوی گوندەکانی ڕۆژئاوای شاری حەڵەبدا لە باکووری سووریا گرت و هێروهها دەستیان بەسەر شاری سەراقب دا گرت کە لە ڕووی ستراتیژیەوە گرنگێ لەدوای شکستی لێگەڵ هێزەکانی ژەمی سووریا و هاوپەیمانەکانیان، دواجار دوێنێ شەممە زێرینەی شاری حەڵەبی کۆنترۆڵکرد.

ئۆپۆزسیۆنی سووریا ڕایگەیاند، "لەماوەی چەند کاتژمێرکدا حکومەتی ڕووی سەربازی و ئەمنی پارێزراو دەبێت و دواتر پارێزگاکە بەتەواوی لەدەست ڕژێمی سووریا و بەشار ئەسەد ئازاد دەکرێت".

لایەکی تری، وتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەد)، فەرهاد شامی دوێنێ ڕژێی هێرشی ئاسمانی و لەدوانکیدا لەگەڵ کەناڵی ڕووناهی گوتوویەتی: بەڵێی چاودێری دەخی حکومەتی دەکەین، ئێم هێرشانە و تووندوتیژیی حکومەتی لایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت.

فەرهاد شامی لەبارەی هەوڵستی هەسەدە لەو تووندوتیژیانە وتی: ئێرکی ئەمە پاراستنی گەل و خاکەکەمانە و لەکاتی پێویستدا هەوڵستمان دەبێت و وەڵام دەدەینەوە.

لەسەر ئەم ڕووداوانە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: پاراستنی سەقامگیری لە ئیدلب و ناوچە سنوورەکانمان، وەک ئەوڵەوێتێک بە تورکیا دەمێنێتەوە.

دواجار ڕژێی شەممە 30ـی تشرینی دووەمی 2024، ڕوانگەی سووری بە مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، کە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا (ئەحرار ئەلشام - جولانی) کە لایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت زیاتر لەنیوەی حکومەتی گرتووە و سوپای سووریا لە تەواوی شارەکە کشاوەتەوە.